# داهاتەكانی پرۆسەی بەرەڵڵایی.. نەك پرۆسەی ئازادی

**ئاوێزان نوری**
awezan_n@yahoo.com

دوای بەرەڵڵا كردنی وڵاتو دوای پرۆسەی بەرەڵڵایی، جگە لە كوشتنو بڕینو دزیو فرتو فێڵو مێ بازیو گەندەڵبازی هیچ شتێكی تازە نەهاتە ئاراوە، ئەوە نەبێ كە لە هەندێ لە شارەكان بەڵكو لە زۆربەی شارەكان سەیارەی ئاخر مۆدیل لە شەقامی تەسكو خانوی دەبڵ ڤالیۆم لەسەر ئەرزی تەجاوز، جگە لە خوڕینە سەر خەڵكو خۆهەڵكێشان ئەمانە هەموو داهاتەكەی پرۆسەی ئازادی بوو، پیاوانی خاوەن دەسەڵات لە بچوكترین وەزیفەوە بوونە پیاوی سەر كورسی پیاوی سەر مێزی پەرلەمان، زۆربەی پیاوانی خاوەن قەڵەمیش لەوپەڕی كوێرەوەری خۆیانەوە بوونە جێگەی لێدوانو كاری رۆژنامەنوسی دەكەن، ئەم قسانەی من لێرەدا دەیكەم لەسەر زاری هەموو هاوڵاتیەكی ئەم وڵاتەدا دەیبیستی، هەمووی ئۆقرەی لێ بڕاوەو هەر ئەوە نیە لە پێستی خۆیان بێنە دەر، خەریكە خۆمان یەخەی مەرگ دەگرین بەر لەوەی بە دەردی دیموكراسیو ئازادی ئاخر زەمانە بڕۆین، مرۆڤ سەری لێشێواوەو نازانێ شایەتمان بەكێ بێنێ، دەسەڵاتی كوردی یان عەرەبی توندڕەوو یان دەسەڵاتەكەی جۆرج بۆش، یان بێچووەكانی ئەتاتورك..؟ خۆ هەموو یەك پێڕێكن، هەموو یەك دەسەڵات ئەویش گەندەڵیو گیرفان گەرم كردنی خۆیانو بەرژەوەندی تایبەتیانە، تەنها لە كاتی دەنگدانو هەڵبژاردنەكاندا پیاوی باشنو جنێوو داواكانی خەڵكیان قبوڵە نەكا دەنگیان نەدەنیو كورسیان بەرنەكەوێ بۆ خولانەوە لە سەری، نەفرەتیش  لە پیاوی فەقیرو قوڕ بەسەر شۆڕشگێڕ، خەریكە دەڵێین رەحمەت لە حیزبی بەعس، هەر نەبێ خۆ نەوتو بەنزین هەرزان بوو، ئاوو كارەبا هەبوو، ئارامی هەبوو، گەندەڵی كەم بوو، تەنانەت مامۆستاش مانگانەی 30 هەزار دینار بوو، ناچاریش بوو بە جوانترین شێوەو زیاتر لەكاتی دیاریكراوی خۆی وانە بە تەلەبەكان بڵێتەوە، بەڵام لە دوای بانگەشەكردنی دیموكراسیو ئازادی، نە سوتەمەنیو نە ئاو نە كارەبا نە ئارامی، ناوێری بە كەسیش بڵێی "لە پشتی چاوت برۆ هەیە" نەبادا مەخزەنێ فیشەكەت پێدا بتەقێنێ، گەر دژی ئەو هەمو گەندەڵیەو ناحەقیە هەڵدەستیو خۆپیشاندان دەكەی پۆلیسو ئاسایشەكانی پیاوانی دیموكراسی بەردەبنە گیان خۆپیشاندەرانو زیندانیان دەكەن جگە لە لێدانو زیان پێیان، گەر بێ دەنگ دەبیو بەرگەی ناحەقی دەگری وشكت دەكەنو خوێنیشت تیا نایەڵن، گەر ئەوان بەعسیان روخاندووە دیارە مەبەستو بەرژەوەندی خۆیانی لە پشتەوە بووەو بە هیچ شێوەیەك بیریان لە

ئاسودەیی و بژێوی خەڵك نەکردووەتەوە، ئیدی پێویست ناکا منەتی شاخ و داخ بدەن بەسەرماندا، ئەگەر ئێمەش روخاندومانە دیارە دەتوانین ئەم دەسەڵاتەش بروخێنین، بەڵکو خۆمان بتوانین ئموری خۆمان ببەینە رێوە، لەو دەسەڵاتە نوێخوازەی ئەم سەرکردە قارەمانانە کەس ناتوانێ داکۆکی لە مافی خۆی بکات تەنانەت بەقەڵەمیش، ئیدی نازانم.. مامەی سەرۆك کۆمارو کاکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئا ئەمەیە ئازادی..؟ یان بەرەڵڵایی و بەرەڵڵاکردنی میللەتی پێ دەڵێن..؟! ئێستا بوینەتە خاوەن دوو قەرار، یان ئەوەتا ببین بە دزو پیاو کوژ یان وڵاتان بۆ بەجێبهێڵین، ئێوەش بۆ خۆتان لە مینبەرەکانەوە بانگەشەی ئازادی بۆ خۆتان بکەن، بۆ ئێمە نا.